**دیمانەی گۆڤاری زمان و زار، ژمارە ٨ (لاپەڕەی ١٦٥ تا ١٧٦) لەگەڵ دیاکۆ هاشمی.**

https://dengekan.info/wp-content/uploads/2023/07/Zman_U_zar_K8.pdf

دیاکۆ هاشمی، ڕێنوێنی زمان لە خولی وەرگێڕان لە وڵاتی سوید. وەرگێڕ لەنێوان زمانەکانی سویدی، فارسی، دەری و کوردی (کوردیی ناوەندی و کوردیی خواروو). فەرهەنگنووس (کۆمەڵێک وشەنامە و فەرهەنگ لە بواری جۆربەجۆری وەک کۆمەڵناسی، نەخۆشەوانی، کۆچ و کۆچبەری، یاسا، سوپا، نەخۆشییە تایبەتییەکانی ژنان و ئایتی و هتد). خاوەنی ماڵپەڕی "فێرگەی زمانی کوردی" (diyako.yageyziman.com)ە. لەو سایتەدا کۆمەڵێک بابەتی جۆربەجۆر لەسەر زمان، ڕێنووس، ڕێزمان، وشەسازی و هتد هەیە.

هەروەها دانەری کتێبی **"پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی"** کە هەم لە ئورووپا و هەمیش لە باشوور و ڕۆژهەڵات بڵاو بووەوە.

1. **تا چەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە؟**

***دیاکۆ هاشمی:*** بەگشتی، زمانی ستاندارد، لە بواری زماندا، دیاردەیەکە لە ئارادایە و شتێک نییە کەس نکووڵی لە بوونی بکات. بەڵام ئەگەر مەبەستی پرسیارەکە ئەوەیە کە تا چەندە بۆ کورد باوەڕم پێی بێت، ئەوە شتێکی ترە. ئەمە باسێکی زۆر تایبەتە و کورد زۆر زۆر لەسەری دواوە. زۆر بۆچوونی جۆربەجۆر لەم بارەیەوە کەوتوونەتە ئاراوە. لە پێشدا دەبێت بزانین مەبەست لە زمانی ستاندارد چییە؟ هەروەها دەبێت دەستنیشانی بکەین کە ئەم زمانە ستانداردە بۆ کێ بەکار بهێنرێت؟ بۆ پارچەیەکی کوردستان یان بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان؟ لە چ بوارێکدا؟ بۆ حکوومەت؟ بۆ دامودەزگاکان؟ بۆ ڕاگەیاندن؟ بۆ قوتابخانە؟ بۆ ئەدەبیات بەگشتی؟ هەموو ئەمانە جێگەی پرسیارن و جێی تێڕامانن.

بەڕاستی مەبەست لە زمانی ستاندارد بۆ کورد چییە؟ مەبەستمان کام لەمانەی خوارەوەیە:

**یەک: زمانێکی نوێ**

زمانێکی نوێ بۆ هەموو کورد دروست بکرێت؟ وەک پەرجوویەک یان لە کارگەیەکدا ساز بکرێت؟ یان بە پێشنیاری زمانەوانێک ڕۆ بنرێت؟ ئەوە هەر نەلواوە و شتی وا بۆ هیچ نەتەوەیەک دەستی نەداوە. کەوا بێت ئەوە دەست نادات.

**دوو: زمانێکی یەکگرتوو**

لە کۆی زارەکان زمانێکی یەکگرتووی هاوبەش ساز بکرێت؟ وەک ئەو هەوڵەی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز لە کتێبی "زمانی یەکگرتووی کوردی"دا ئاماژەی پێ دەکات؟

ئەو لەوێدا هەوڵ دەدات بەرەو "زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی" بڕۆین.

د. جەمال نەبەز لەوێدا پاش هەڵسەنگاندنی زاراوە کوردییەکان و دەستنیشانکردنیان، هەوڵ دەدات دوو زاراوەی گەورەی کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی نێوەڕاست وەک پێوانە پێکەوە بەراورد بکات. لە ڕووی مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی، لێکسیکۆلۆژی و ئۆرتۆگرافییەوە بەراوردیان دەکات.

هەوڵ دەدات خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان بخاتە ڕوو. پاشان پێکەوە بەراوردیان دەکات بزانێت فێربوونی خاڵە جیاوازەکانی کامیان ئاسانترە. پێشنیار دەکات لەنێوان هەردووکیاندا ئەوەیان هەڵبژێرین کە ئاسانترە و ئەوی تریان وەلا بنێین.

بۆ نموونە لە باتیی ئەوەی بڵێین: دایکا من، باڤێ من، هەر ئاسانترە بوترێت دایکی من، باوکی من.

واتە شێوە قورسەکە، دۆخی نێر و مێ، وەلا بنێین و شێوە سادەکە پەرە پێ بدەین و بیکەینە باو، تا فێربوونیشی بۆ هەمووان ئاسانتر بێت.
ئەمە زیاتر لە زمانێکی متوربەکراو دەچێت، ئەویش زەحمەتە لێک بدرێت، کەوا بێت ئەویش هەرچەندە بیرێکی جوان و شیرینە، بەڵام بە کردەوە دەست نادات. واتە بە کردەوە بینیومانە کە ناکرێت زارەکوردییەکان تێکەڵ بکەین و لە کۆی ئەوان یەک زمانی یەکگرتوو دروست بکەین.
**سێ: یەکێک لە زارەکان بکەینە زمانی ستانداردی کوردی**
واتە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بە هەموو کورد بڵێین یەک شێوەزار ستانداردە و هەر ئەوە دەبێت بەکار بهێنرێت. ئەمە یان بە دەنگدان، یان بە ڕەزامەندی یان بە زۆرەملێ.
وەک دەبینین ئەوەش بە کردەوە نەکراوە و ناشکرێت.
**چوار: جووتستانداردی**
وەک ئەوەی کە تا ئێستە بووە و بە شێوەیەکی سروشتی هاتووەتە پێشەوە، بەردەوام بین.
باسی یەک زمانی ستاندارد بە شێوەیەکی فەرمی بۆ هەموو کوردستانی گەورە نەکەین.
کرمانجیی ژووروو لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستان وەک ستانداردێک جێی خۆی گرتووە و بە هیچ زارێکی تر جێگیر ناکرێت. کوردیی ناوەندی لە ڕۆژهەڵات و لە باشووردا وەک زمانی ستاندارد جێگیر بووە و بە زاری تر جێگیر ناکرێت.
ڕێز لە زارەکانی تری وەک بادینی، هەورامی و کوردیی خوارووش بگیرێت.
هەوڵ بدرێت ئەوەی کە هەیە دەوڵەمەندتر بکرێت و پێش لە ڕەوتی گەشەی هیچ زاراوەیەکیش نەگیرێت. کەڵک لە یەکتر وەربگیرێت و بەو کەڵکوەرگرتنە هەنگاویش بنرێت بۆ لێکنزیکبوونەوە.

2. **پێناسەت بۆ زمانی ستاندار چییە و چۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی؟**

***دیاکۆ هاشمی:*** زمانی ستاندارد جۆرێکە لە زمانی سەرەکی کە لە چوارچێوەی فەرمیدا بەکار دەهێنرێت و بنەمای زمانی نووسراوی پێک دەهێنێت. واتە پێوانەیەکە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو یان کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتی و لەلایەن هەمووانەوە دانی پێدا نراوە و بە شێوەیەکی گشتی لە بەڵگەنامە فەرمییەکان، پەروەردە، میدیا و چوارچێوە فەرمیەکانی دیکەدا بەکار دەهێنرێت. زمانی ستاندارد زۆر جار لە ڕێگەی یاساکانی ڕێزمان و ڕێنووس و وشەسازییەوە ڕێک دەخرێت. بەزۆری لەسەر ئەو زمانە دامەزراوە کە نوخبەی خوێندەوار قسەی پێ دەکەن و وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان قسەکەرانی زاراوە جیاوازەکان و گۆڕانکارییە ناوچەییەکانی هەمان زماندا کار دەکات.
پەرەسەندنی زمانێکی ستاندارد زۆر جار بە هۆی هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەڕوات و دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پرسەکانی کێیەتی (هوية)، ناسیۆنالیزم و فرەچەشنیی کولتووری هەبێت.
جووتستانداردی لەناو یەک زماندا، بە دوو زار دەوترێن کە شان بە شانی یەکتر گەشەیان سەندووە. ئاخێوەرەکانی زیاترین ئاپۆرەیان لە ناوچەی خۆیاندا هەیە. بۆیە یەک تاکەشێواز ناتوانێت بەتەواوی زاڵ ببێت بەسەر ئاخێوەرانی ئەو ناوچەکەی تردا، بەڵکوو لەوێش شێوازێک بۆ دەربڕین گەشە دەستێنێت. وەک کرمانجیی ژووروو بۆ باکووری کوردستان کە زۆرینەیان بە کرمانجی دەدوێن. وەک کوردیی ناوەڕاست بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کە زۆرینە بە کوردیی ناوەندی (سۆرانی) دەدوێن.
تێڕوانینی من بۆ جووتساندادری ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە، وەک سروشتی خۆماڵیی زمانی کوردی، خۆڕسک پێش کەوتووە و گەشەی سەندووە. ئەوە ڕاستییەکە کە ئێمە ناتوانین شێوازی کوردیی ناوەندی لە باکووری کوردستاندا جێگیر بکەین. کرمانجیی ژوورووش شێوازێک لە کوردییە و زۆرینەی کورد لەوێ بەو زارە دەدوێن و دەبێت زۆریش لامان ئاسایی بێت تا ئەوانیش هەست بە ئاسوودەیی بکەن.

دەتوانین لە ڕووی تەکنیکی و زمانییەوە کارێک بکەین کە ئاخێوەرانی هەردوو زارەکە، بەئاسانی لە یەکتر تێ بگەن، با هەر کەسێکیش بە زاری خۆی بدوێت. بەڵام هەم لە کرمانجیی ژووروودا و هەمیش لە کوردیی ناوەڕاستدا دەبێت هەوڵ بدرێت زمانەکە بەباشی گەشە بستێنێت. هەنبانەی وشە و ڕێزمان بەجوانی دیاری بکرێت و لە کاتی پێویستیشدا بۆ دەوڵەمەندبوون و لێکنزیکبوونەوە لە یەکتر، بەبێ دوودڵی کەڵک لە وشە و پەیڤی یەکتر وەربگیرێت. لەبیرمان نەچێت کرمانجیی ژووروو بۆ نموونە لە دنیای دیجیتاڵیدا زۆر پێش لە کوردیی ناوەڕاست جێگیر بووە و پێش چووە. نموونەی ئەوانە وەرگێڕانی گووگڵ، فەیسبووک و پلاتفۆرمە جۆربەجۆرەکانی ترە. لە باشووردا دەبینین کە زمانی فەرمیی حکوومەت و تەنانەت زمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکانی تر و تەنانەت زمانی فەرمیی پەرلەمانیش هەر کوردیی ناوەندییە. هەرچەندە خۆیان لەماڵدا ئەگەر بە بادینی بدوێن یان ئەگەریش بە هەورامی و تەنانەت بە کوردیی خواروو بدوێن، وەک نوێنەری حکوومەت بە کوردیی ناوەندی دەدوێن.
کەوا بێت ئەوە ڕەوتێکە خۆی لە خۆیەوە بە شێوەیەکی سروشتی دروست بووە. من ڕام وایە بهێڵین کە ڕەوتی گەشەی زمانی کوردی وەک ئەوەی خۆڕسک هاتووەتە پێشەوە، بەردوام بێت. بەم جۆرە زۆر باشتر هەستی کوردبوون و یەکبوون و تەبابوون بەهێزتر دەبێت و هەموومان بە هەستێکی خۆشەوە خۆمان بە کورد دەزانین و هەستی ئەوەی کە پەراوێز خراوین یان زارێک بە سەرماندا سەپێنراوە، لامان دروست نابێت. ئەو کاتە هیچ دوژمنێک ناتوانێت لەو جیاوازییە کەڵکی نالەبار وەربگرێت و درز و دووبەرەکی بخاتە نێوان یەکڕیزیی کوردەوە وەک نەتەوەیەکی هاوبەش. وەک وەڵامی پرسیارەکە بەکورتی بڵێم جووتستاندارد بۆ کوردستانی گەورە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەم ڕەوتە، خۆی خۆکار خۆی سەپاندووە و ئەوە ڕاستیی کۆمەڵگەی کوردەوارییە.

3. **کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین؟**
**دیاکۆ هاشمی:** ئەو کۆسپانەی کە لەسەر دروستبوونی زمانێکی ستانداردن بۆ کورد بریتین لە:

**چڕووبوونی ئاخێوەران لە ناوچەی تایبەتیدا**
ئاخێوەرانی هەر زارێک لە ناوچەیەکی بەریندا بە دەوری یەکتر کۆ بوونەتەوە، بۆ نموونە لە باکووری کوردستاندا زۆرینەی ئەوانەی بە کرمانجیی ژووروو دەدوێن لەوێ کۆ بوونەتەوە. هەر بۆیە ناکرێت شێوازی زارێکی تر لەوێ وەک ستاندارد جێگیر بکرێت.
بە هەمان شێوە، لەو ناوچانەی کە کورد بە کوردیی ناوەندی دەدوێن، زۆرینەی خەڵک بەو شێوازە قسە دەکەن، هەر لەبەر ئەوە ناکرێت شێوازێکی تر وەک زمانی ستاندارد لەوێ جێگیر بکرێت و هەر کوردیی ناوەندی وەک ستانداردی ئەو ناوچەیە خۆی جێگیر کردووە.
کەوا بێت چڕیی ئاپۆرەی هەر زارێک لە ناوچەیەکی تایبەتیدا وا دەکات کە زارەکانی دیکە لەوێ نەتوانن ببنە زمانی ستاندار بۆ ئەو بەشە.

**کێشەی دووئەلفبێیی**
هەروەها کێشەی دووئەلفبێیی خۆی لە خۆیدا کوردی کردووەتە دوو بەشی زمانی و ئەدەبی. جیاوازیی ئەلفبێ، دوو بەشەکەی لە یەک نامۆ کردووە. وای کردووە کە کورد بەگشتی لە ئەدەبیاتی یەکتر بێبەش بن و زۆربەی زاراوە و پەیڤەکانی یەکتریان لا نامۆ بێت و توخنی ئەدەبیاتی یەکتر نەکەون، مەگەر ئەوانەی خۆیان تێکەڵی هەر دوو بەشەکەن یان حەزیان لە فێربوونی ئەو زارەکەی دیکە بێت.

**نەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ**

نەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ یەکێکی ترە لە کۆسپەکانی دروستبوونی زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو دانیشتووانی وڵاتەکە.

**کەمیی پەیوەندی**

لەبەر ئەوەی کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی و بەربڵاوە، هەروها لەبەر نەبوونی کەمیی هاتوچۆ و نەبوونی پەیوەندی بەگشتی، کۆسپێک دەکەوێتە سەر ڕێی بەدیهاتنی زمانێکی ستاندارد. هەڵبەت هەرچەند جاران هاتوچۆ کەم بوو، بەختەوەرانە لەم سەردەمەدا دنیای ئینتەرنێت سنوورەکانی کەم کردووەتەوە.

4. **نووسەران تا چەند لە جیهانی سایبەریدا (سۆسیال میدیاو ئینتەرنیت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد یان پێوەر دەور دەبینن؟**

**دیاکۆ هاشمی:** ئەوەی لە جیهانی سایبەریدا بەکار دەهێنرێت ڕەنگدانەوەی کوردە لە دەرەوەی دنیای دیجیتاڵیدا. دنیای ئینتەرنێت و هەموو لقوپۆپەکانی دنیایەکی ئازادە کە کەس ناتوانێت ڕێ لە کەس بگرێت و شتی خۆی بەسەر کەسی تردا بسەپێنێت. ئەوەی لەوێ دەبینرێت ئەوەیە کە زمانێکی تاکەستاندارد بەکار ناهێنرێت، بەڵکوو جووتستاندارد گەشە دەستێنێت. نابێت لەبیرمان بچێت کە زارەکانی تریش لەوێ باشتر دەستیان کراوەیە بۆ گەشەسەندن. ئەمە واتە خەڵک لایەنگری ئەوە نین کە تاکەستانداردێک هەبێت و ئەوانی تر پەراوێز بخرێن. باشترە ڕێز لە یەکتر بگرین و بەو ڕێزلێنانە زیاتر لە دەوری یەکتر کۆ بینەوە.

5. **ئەکادیمیای کوردی چ دەورێک لە چاودێریکردن بەسەر زمانی کوردیدا دەبینێت؟**

**دیاکۆ هاشمی:** ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی وەک لە یاساکەیدا ڕوون کراوەتەوە، پاراستن و پتەوکردنی زمانی کوردی و کەلەپوور و ناسنامەی نەتەوەییی کوردە. هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی لە (ڕێنووس و زاراوەسازی و شێوەزارەکان و زمانی ستاندارد). ئەکادیمیا خۆی ڕای گەیاندووە کە بۆ هەر پرس و کێشەیێک لیژنەی هەمیشەییی هەیە و بە پێڕەو و بەرنامەکانی (Language Planning) کار دەکەن. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەوان چییان کردووە، من نامەوێت لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە قسە بکەم. چونکە ئەوان ئەندام و نوێنەری خۆیان هەیە. باشترە بەگشتی ئەم پرسیارە لە خۆیان بپرسرێت. بەڵام ئەوەی کە من وەک هەموو کەسێکی تر چاوەڕێ دەکەم ئەکادیمیا بیکات بەشێکیان بریتین لەمانە:

لەم دنیای دیجیتاڵییەی ئەمڕۆدا کە زانیارییەکان بە چرکە دەگوازرێنەوە و مرۆڤەکان بە چرکە چاوەڕێی وەرگرتنی نوێترین زانیارین، دەبوا ئەکادیمیا ئێستە لەسەر سایتەکەی پەڕەیەکی تایبەتی بۆ ڕێنووس دانابا و بە وردەکاریی زۆرەوە هەموو گیروگرفتەکانی ڕێنووسیان تێدا بخستایەتە بەرچاو و وەڵامی یەکلاییکەرەوەیان خستبێتە پێش چاوی خەڵک. پێشتر نامیلکەی ڕێنووسیان چەند جار بڵاو کردووەتەوە و بە شێوەی کتێب و پیدیئێفیش لە بەردەستدان. بەڵام ئەوانە کۆنن و پڕن لە هەڵەی ڕێنووسی. لەم دنیایەدا بەرهەم دەبێت بە شێوەی نووسین و دەقی ئاسایی لەسەر سایتێک دابنرێت تا مرۆڤ بتوانێت لە وێبگەڕەکاندا پشکنینیان بۆ بکات، نەک بە شێوە پیدیئێف.

بە هەمان شێوە پێویستە ڕێزمانێکی بەپێز و دەوڵەمەندیان دیسانەوە بە شێوەی دەق لەسەر ئینتەرنێت دانابات کە جێی متمانەی هەمووان بێت و هەر کاتێکیش بیانەوێت دەستکاریی بکەن و نووژەنی بکەنەوە. هەروەها دەبوا تا ئێستە وشەنامەیەکی دەوڵەمەندی دیجیتالییان لەسەر ئینتەرنێت هەبوایە. هەر چەندە ئێستە وشەنامەیەک دەوڵەمەندیان لەچاپ داوە بە ناوی فەرهەنگی فەرهەنگەکانە. بەڵام بەرهەمی وا دەبوا دیجیتالی بێت. گرنگیی بەرهەمی دیجیتالی لە هەر زمانێکدا باشییەکەی ئەوەیە کە دەکرێت بکرێتە بنەمای دەیان کاری باشتری دیجیتالیی تر.

زمانی کوردی بۆ ئەوەی بەشی وەرگێڕانی زمانەکەی لەسەر ئینتەرنێت باشتر و باشتر ببێت پێویستی بە دەقی زۆری بێهەڵەی یەکدەست هەیە. هەموو ئەو کارانە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ئەو مەبەستە.

6. **لە پیناو بە کوردیکردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەمدا کێ بەرپرسە؟**
**دیاکۆ هاشمی:** هەموو ئەوانەی پسپۆڕن و زمان دەزانن و لە بوارە تایبەتییەکاندا شارەزایییان هەیە دەتوانن کاری فەرهەنگنووسی بکەن، ئەوە خۆی زمان دەوڵەمەند دەکات، بەڵام دانانی وشەی نوێباو زۆر تایبەتی ترە و باشترە لێژنەیەک ئەو کارە بکات، بۆ نموونە ئەکادیمیای کوردی دەتوانێت لێژنەی دانانی زاراوەی هەبێت. چالاک بێت و شوێندەستیان ببینرێت.
ئەوڕۆکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ نموونە لە فەیسبووک، کۆمەڵێک گرووپی جۆربەجۆر دروست بوون و خەریکی وشەسازین. بەڵام زۆربەی ئەو کارانە لە شوێنێکی دیاریکراودا کۆ نابنەوە. پێشنیاری جوانیان تێدایە و بێگومان پێشنیازی کرچوکاڵی زۆریشیان تێدایە. بەداخەوە هەموو ئەو هەوڵانەی پرشوبڵاون. گرنگە لە سایتێکی تایبەتیدا کۆ بکرێنەوە. بەڵام کاری وا هیچ جێگەمتمانە نییە و وەک وتم پێویستە لێژنەی تایبەتی هەبێت.

7. **کێ بەرامبەر ئەو پاشاگەردنییەی لە زمانی کوردی درووست بووە بەرپرسە؟**
**دیاکۆ هاشمی:** نازانم ناوی لێ بنرێت پاشاگەردانی یان نە. ئەوەندە دەزانم کە زمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ مێژوویدا کە بەردەوام بەربەست خراوەتە سەری، زۆر باش چووەتە پێشەوە. دەکرا زۆر زۆر کاری باشتریش بکرابا. بەڵام زمانی کوردی ئێستە ڕێنووسی دیارە، ڕێزمانی دەستنیشان کراوە و لە ڕووی زمانەوانییەوە زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.
بەداخەوە هەندێ کەس ئاگاداری ڕێنووس نین. ئەمە کێشەی گەورەی ئافراندووە. وەزارەتی پەروەردە بەشێک لەو بەرپرسیارێتییەی لە ئەستۆدایە. کتێبەکان نوێ دەکرێنەوە، بەڵام ڕێنووسەکان هێشتا هەر هەڵەیان تێدایە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئەوانەی بە کتێبەکاندا دەچنەوە نازانن چی بکەنە سەرچاوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان. مامۆستاکانمان هەندێکیان کێشەی ڕێنووسیان هەیە و هێشتاش شوێنێکی فەرمی نییە کە ببێتە مەکۆیەک بۆ ئەوانەی وا کێشەیان هەیە، وەڵام وەربگرن. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە هەر کەسێک پێی وایە خۆی باشترین شێوازی لایە، واز لە ڕای تاکەکەسیی خۆیان ناهێنن، ئامادە نین ئەو ڕێنووسەی کە ئەکادیمیای بڵاوی کردووەتەوە بکەنە بنەمای ڕێنووسی خۆیان. من پێم وایە کورد خاوەنی ڕێنووسێکی زۆر پێشکەوتووە، ئەگەر تاکەکان بیانەوێت بەکاری بهێنن. ئەگەر هەمووان ئەو ڕێنووسە بەکار بهێنن، بەزووی زمانەکەمان دەبێتە خاوەنی ڕێنووسێکی یەکدەست. ئەگەریش گۆڕانی بەسەردا بێت دیسانەوە پێکەوە ئەو گۆڕانە جێبەجێ دەکەین.

8. **هۆکاری چییە کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟**
**دیاکۆ هاشمی:** وەک پێشتر باسم کرد زمانی کوردی ڕەوتێکی سروشتیی خۆی بڕیوە، ئەو دوو ستانداردەی کە هەن لە میدیای کوردیدا بەکار دەهێنرێن. من پێم وایە زمانی میدیای کوردی خاوەنی ستانداردی خۆیەتی، بەڵام بە دوو ستاندارد. ئەویش هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. ئەوانەی بە کرمانجی دەدوێن ئەو ستانداردە بەکار دەهێنن. ئەوانەش بە کوردیی ناوەندی دەدوێن ستانداردی کوردیی ناوەندی بەکار دەهێنن. بۆ نموونە ئێستە لەم دیمانەیەدا زمانێک بەکار دەهێنین کە لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕاگەیاندنەکاندا ئەم زمانە بەکار دەهێنرێت. کەوا بێت لە جیهانی میدیای کوردیدا بۆ کوردیی ناوەندی ئەرکی زمانی ستاندارد دەگێڕێت. ڕەنگە تاکەکەس لێرە و لەوێ هەڵەی زمانی و میدیایی بکەن، ئەوە واتای ئەوە نییە کە زمانەکە کێشەی هەیە، بەڵکوو ئەو کەسە دەبێت بەخۆیدا بچێتەوە.

**9. پێت وایە بوونی دووجۆرە ڕێنووس یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟**
**دیاکۆ هاشمی:** پێم وایە مەبەستتان لە دوو جۆرە ڕێنووس، دوو جۆرە ئەلفبێیە. ڕێنووس بەپێی ئەلفبێ دادەڕێژرێت. بێگومان زۆر باشتر دەبوو کە کوردیش وەک زۆربەی زمانەکانی دنیا خاوەنی یەک ئەلفبێ بوایە. بەڵام بەدڵنیاییەوە تەنها زمانی کوردی نییە کە دوو جۆرە ئەلفبێی هەیە. من ئەمە بە باش نازانم، بەڵام پێم وایە ئەم کێشەیە هەرگیز چارەسەر نابێت و هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە. چونکە کوردیی باکووری و کوردیی ناوەندی دوو ئەلفبێی جیاواز بەکار دەهێنن. باشترە خۆمانی پێ ماندوو نەکەین و تەنها هەوڵ بدەین بە پرۆگرامی تایبەتی ئاسانکاریی وا بکەین کە ئەلفبێیەکەمان بۆ بگۆڕێت. پرۆگرامی بگۆڕی ئەلفبێ دەمێکە دروست بووە و مرۆڤ دەتوانێت بە کرتەیەک ئەلفبێکان بگۆڕێت بۆ یەکتر، تەنانەت ئەلفبێی سایت و ماڵپەڕیش.

**10. ئایا فرەیی لە ژمارە و نفووس دەبێتە هۆکار بۆ درووستبوونی زمانی ستاندارد؟**
**دیاکۆ هاشمی:** زۆریی ژمارەی دانیشتووان بۆ نموونە لە شارێکدا دەتوانێت کار بکاتە سەر شێوەی قسەکردنی شارۆچکە و لادێکانی دەوروبەری خۆی یان تەنانەت لە هەرێمێک یان لە وڵاتێکدا. کێشەکە ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا کە دوو ستانداردی کوردی دروست بوون، زۆر زەحمەتە گەورەییی شارێکی بۆ نموونە باکووری کوردستان بتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر شارێکی باشووری کوردستان کە بە کوردیی ناوەندی دەدوێن و لەوێ ببێت بە زمانی ستاندارد، یان بەپێچەوانەکەی. ڕەنگە لە سەردەمی کۆندا زیاتر کاریگەریی هەبوایە. ڕەنگە ئەگەر هەموو ئاخێوەران لە دەوربەری یەکتر بژیایەن کاریگەریی هەبوایە. بەڵام لەم سەردەمەدا زەحمەتە زۆربوونی ژمارەی ئاپۆرەی شارێک بتوانێت وەک زمانی ستاندارد لە هەموو کوردستاندا جێگیر بێت.

**11. چۆن چاو لە پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمانی بۆ زمانی ستاندارد بکەین؟**
**دیاکۆ هاشمی:** دیسانەوە دەڵێم زمانی کوردی تازە ڕەوتێکی بۆ خۆی دروست کردووە. هەرگیز ناتوانین هەموو باکووری کوردستان قایل بکەین کە زمانی نووسین و خوێندنیان بکەنە کوردیی ناوەندی، بە هەمان شێوەش ناکرێت هەموو خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵات ناچار بکرێن کرمانجی بکەنە زمانی ستانداردی خۆیان. بۆیە باشترە واز لەوە بهێنین کە زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو کورد دروست بکەین، بەڵام لە پارچەیەکی کوردستاندا دەکرێت ئەو کارە بکرێت. بۆ نموونە لە باکووری کوردستان زمانی ستاندارد کرمانجییە و هیچ زارێکی تریش ناتوانێت پەراوێزی بخات. هەروەها لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زمانی ستاندارد کوردیی ناوەندییە و هیچ زارێکی تریش توانای نییە وەک ئەو زارە، وەک زمانی ستاندارد خۆی جێگیر بکات. لە ڕۆژاوای کوردستانیش وەک دەزانین کرمانجی بەهێزە.

**12. سەردەمی جیهانگیری هەڕەشەیە یان دەرفەتیکە بۆ زمانی ستانداردی کوردی؟**
**دیاکۆ هاشمی:** ئەم سەردەمە سەردەمی جیهانیگیری و تەکنۆلۆژیایە. زمانەکان تۆمار دەبن، لە مردن ڕزگاریان دەبێت و گەلێکساڵ دەمێننەوە و دەپارێزرێن. نە هەڕەشەیە بۆ سەر زمان و نە دەرفەتێکە بۆ کورد یەک زمانی ستاندارد بۆ هەموو پارچەکان دروست ببێت.
باشترە خۆمان بەو باسانەوە خەریک نەکەین و ئەوانەی بە کرمانجی دەدوێن کار بکەن لەسەر بەهێزکردنی کرمانجی. ئەوانەش لە ڕۆژهەڵات و باشوور دەدوێن کار بکەن لەسەر بەهێزکردنی کوردیی ناوەندی وەک زمانی ستاندارد لە ڕۆژهەڵات و لە باشووردا. هەروەها نابێت ڕێ لە بەکارهێنانی زارەکانی دیکە لە ناوچەی خۆیاندا بگیرێت. نە ئەوان قەبووڵ دەکەن و نە مافی مرۆڤ ڕێگەی پێ دەدات. بۆیە با بهێڵین ڕەوتی زمانەکەمان وەک ئەوەی خۆی، چۆن هاتووە با بڕوات، بە ڕێزگرتن لە یەکتری، هەموومان لە یەک نزیک دەبینەوە. کوردیی خواروو و هەورامی و بادینی هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر کوردیی ناوەندی

نین. ئەوان ئەوەندە گەورە نین تا جێی کوردیی ناوەندی وەک ستانداردی ڕۆژهەڵات و باشوور لەق بکەن. ڕێگەپێدان بەوانیش ڕێزلێنانە لەوان و هاندانی ئەوانیشە بۆ ئەوەی بە دڵخۆشییەوە پێکەوە بژین و هەموو پیلانێکی دوژمنیش پووچەڵ بکەینەوە.
هیچ زمانێک لەم دنیایە کە خاوەنی چەند زمانە نەیانتوانیوە کێشەی چەند زاراوەیی چارەسەر بکەن. خەڵکی سکاندیناڤیا ڕێک وەک کوردن، زمانەکانی سویدی، نەرویجی، دانیمارکی و ئیسلەندی هەموو چەند زاراوەیەکن سەر بە یەک زمان کە پێی دەوترێت زمانی سکاندیناڤی. ئەگینا ئەوانە بەرانبەر یەکتر بەپێی پێوەری زمانەوانی زمانی سەربەخۆ نین، بەڵکوو چەند زارێکن سەر بە هەمان خێزانەزمان.
فارسی و دەری و تاجیکی کۆمەڵە زارێکن سەر بە یەک خێزانەزمان. واتە هیچ کامیان نەیانتوانیوە بۆ زارەکانیان زمانێکی ستاندارد چێ بکەن. هەر کام لەو زارانە لە ناوچەی خۆیاندا بووە بە ستانداردی ئەو خەڵکەی بەو شێوەزارە قسە دەکەن.
کەوا بێت کوردیش وەک زۆربەی زمانەکانی دنیا کە نەیانتوانیوە کێشەی زاراوەکانیان چارەسەر بکەن، باشترە بەدوای پەرچوو و ئاڵۆزکردنی دۆخەکە نەگەڕێن و بە ڕێزگرتن لە یەکتر پێکەوە شان بە شانی یەکتر بە ئاشتی و تەبایی و خۆشەویستی بژین.